www.kurdistannet.org
10-6-2003 10:33

سوپاس و ڕوونکردنەوە بۆ خوێنەرانی هێژا

بەکـــــر شـــــوانی

پاش بڵاوکردنەوەی هەر یەکێک لەو وتار و هەواڵانەی کە لە زمانی تورکییەوە وەریاندەگێڕم، بە دەیان ئیمایلم لە خوێنەرانی بەڕێزی "کوردستان نێت"ەوە پێدەگات. بەشی زۆری خوێنەران لە نامەکانیاندا دەستخۆشیم لێدەکەن و داوای بەردەوامبوونم لێ دەکەن، بەشێکی تریش بیروبۆچونی خۆیان لەسەر بابەتەکان دەردەبڕن و بە شێوەیەک ئاڕاستەی منی دەکەن وەکو ئەوەی کە ناوەڕۆکی وتار و هەواڵەکان زادەی بیری من بن، بەشێکی زۆر کەمی خوێنەرانیش کە نازانم کێن و چین، چەند وشەیەکی ناشیرینیان ئاڕاستە کردووم و بە شێوەیەکی بازاڕی داوام لێدەکەن کە دەست لەم کارە هەڵبگرم.

من لە ناخی دڵەوە سوپاسی هەستی ناسکی هەموو ئەو خوشک و برایانە دەکەم کە ماندووبوونی کەسانی تریان لەبەرچاوە و بە وشە جوانەکانیان هانم دەدەن کە بەردەوام بم.

بۆ ئەو خوێنەرە بەڕێزانەش کە بۆچوونەکانی خۆیان ئاڕاستەی من دەکەن، تکاتان لێ دەکەم ئەو ڕاستیەتان لەبەرچاو بێت کە ڕۆڵی من لێرەدا وەرگێڕانە و هیچی تر و من لێپرسراوم نیم لە ناوەڕۆکی ئەو بابەتانەی کە لە زمانێکی ترەوە وەریاندەگێڕم.

هەڵبەتە ئامانج لەم کارە ئاگادارکردنەوەی خوێنەری کوردە لەم بارودۆخە هەستیارەدا بۆ ئەوەی تا ڕادەیەک زانیاری لەسەر چۆنێتی بیروڕامانی گەلانی هاوسێ هەبێت.

ئەو بەڕێزانەش کە قسەی ناشیرینیان بۆم نوسیوە، لە ڕاستیدا هیچ وەڵامێکم بۆیان نیە.

هەر بژین. . .

www.kurdistannet.org
کوردستان نێت